# گواستنەوەی فایل و دۆکیومێنتەکانی بەعس لەکوردستانەوە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

## راپۆرتێک بۆ لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ئەنجومەنی پیران




پرۆفیسۆر. دکتۆر یاسین سەردەشتی

زانکۆی سلێمانی



٢٠٢١

## خوێنەری هێژا

لە رۆژی ٢١ی مایۆی ساڵی ١٩٩٢دا، مامۆستاو ئەکادیمی و نووسەرو دیپلۆماتی ئەمریکی (پیتەر وودار گاڵبرەیس) راپۆرتێکی سەبارەت بە گواستنەوەی ئەو بەڵگەو فایل و دۆکیومێنتانەی بەعس کە دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لەباشووری کوردستان دەستی بەسەرداگیرابوو، بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێشکەش بە (کلاییۆرن پێڵ)ی سەرۆکی لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکی /سینات لە واشنگتۆن کردووە، ئەو لێژنەیەی کە ئەوکاتە (جۆ بایدنی) سەرۆکی ئێستای ئەمریکا یەکێک بووە لە ئەندامەکانی. راپۆرتەکە جگە لەگێڕانەوەی چیرۆکی چۆنێتیی گواستنەوەی ئەو بەڵگەو دۆکیومێنتانە لەکوردستانەوە بۆ ئەمریکا کە دواتر لە ئەرشیفی نیشتیمانیی کاری هەڵگرتن و رێکخستن و دیجیتاڵیزەکردنیان بۆکراو بەناوی داتاسێتی باکوری عێراق (NIDS) دانران و لەپەیمانگای هۆڤیر لەزانکۆی ستانفۆرد بووە سەرچاوە بۆ توێژەران، ئەوەی لە ٢٫٤ملیۆن لاپەڕە پیکهاتووە، رای تایبەتی گاڵبرەیسیش سەبارەت بە ناوەرۆکی گشتی فایلەکان و پێکهاتەیان دەخاتەڕوو، بەتایبەت ئەوەی پەیوەستە بە سیاسەتی پاکتاوکردن و تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتیی و ئەنجامدانی جێنۆساید لەلایەن رژێمی قەومەچیی بەعسەوە دژی گەلی کورد لەباشووری کوردستان. شایەنی باسە، ئەم راپۆرتە هەر لەمایۆی ساڵی ١٩٩٢ەوە بەناونیشانی (دۆکیومێنتەکانی سەدام)چاپکراوەو لەئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکییدا هەڵگیراوەو توێژینەوەی لەسەر کراوەو کراوەتە بنەمایەک بەئامانجی پرۆسەی دادگاییکردنی سەدام و باقی سەرانی دیکەی رژێمی بەعس لەعیراق لەئاییندەدا، ئەوەی کە پاش ١٢ساڵ و لەدوای روخاندنی ئەو رژێمە لەلایەن ئەمریکاوە لە ٢٠٠٣دا، هاتەدی. هیوادارم وەرگێڕانی ئەم راپۆرتە و زانیارییەکانی سوودی بۆ بایەخداران و ئەوانە هەبێت کە لەداهاتوودا توێژینەوە لەم بابەتە دەکەن و هەربژین.

پرۆفیسۆر.دکتۆر یاسین سەردەشتی
٣٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١

# نامەی پیتەر گالبرەیس بۆ کلایبۆرن پێل ی سەرۆکی لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لەئەنجومەنی پیرانی ئەمریکی لە٢١مایۆی ١٩٩٢

" بەڕێز سەرۆکی خۆشەویست، بە داواو ئاراستەکاریی ئێوە، لەنێوان ١٦ بۆ ٢٠ی نیساندا سەردانی کوردستانم کرد. ئامانجی سەردانەکەم پشکنین و گێڕانەوەی بەڵگەو دۆکیومێنتە دەستبەسەرداگیراوەکانی دەزگای پۆلیسی نهێنیی (ئەمن و ئیستیخبارات)ی عێراقیی بوو. ئەم دۆکیومێنتانە زانیاریی وردیان سەبارەت بەو بەدکارییانە تێدایە کە دژی دانیشتووانی کورد لە باکووری عێراق ئەنجامدراون، لەوانەش ئەشکەنجەدان و وێرانکردنی گوندەکان و شارەکان، لەگەڵ کۆمەڵکوژیی. وێڕای گەواهیدانی رزگاربووان و بەڵگەی فیزیکیی و وێرانکاریی. ئەم دۆکیومێنە دەستبەسەرداگیراوانە جەخت لەو تۆمەتانە دەکەنەوە کە سیاسەتی عێراق لەکوردستان بریتیبووە لەتاوانگەلێک لەدژی مرۆڤایەتیی و جێنۆساید بووە.

پارتە کوردییەکان کە دەستیان بەسەر ئەم بەڵگەو دۆکیومێنتانەدا گرتووە، بەوە رازیبوون کە بۆ دەرەوەی عێراقی بگوێزرێنەوە تاوەکو لەپرۆسەی دادگاییکردنی بەرپرسانی عێراقدا بەکاربهێنرێن. لەکاتی سەردانەکەمدا توانیم ئامادەکاریی بۆ رادەستکردنی ٤٠ مەترسێجا لەو دۆکیومێنتانە بە سوپای ئەمریکیی رێکبخەم، ئێستا ئەمانە لەلایەن سوپاوە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گواستراونەتەوەو لەوێ لەئەرشیفی نیشتیمانییداو لەژێر کۆنترۆڵی لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سینات هەڵدەگیرێت.

ئەنجامدانی ئەرکەکەم بەبێ ئەو پشتگیرییە بێهاوتایە نەدەکرا کە لەلایەن سوپای ئەمریکییەوە پێشکەشکرا، بەتایبەت ئەو هێزانەی کە ئۆپەراسیۆنی دابینکرندنی ناوچەی ئارام بەڕێوەدەبەن. وێڕای ئەوەش، من زۆر سوودم لەمیوانداریی و یارمەتی چەندین هاوڕێی کورد بینی. هاوپێچیش بریتیە لە راپۆرتی سەردانەکەم، وێرای ئەرکی ئەو ٩ مانگەی لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بۆ دۆزینەوەو هێنانی ئەم دۆکیومێنتانە.

دڵسۆزتان

پیتەر دەبلیو گالبرەیس

# LETTER OF TRANSMITTAL

MAY 21, 1992.

The HON. CLAIBORNE PELL,
*Chairman, Committee on Foreign Relations,*
*U.S. Senate,*
*Washington, DC 20510*

DEAR MR. CHAIRMAN: At your direction, I travelled to Iraqi Kurdistan between April 16 and 27. The purpose of my trip was to examine and retrieve captured Iraqi secret police documents. These documents detail extensive atrocities committed against the Kurdish population of northern Iraq, including torture, destruction of villages and cities, and mass murder. Together with the testimony of survivors and the physical evidence of destruction, the captured documents support a charge that Iraq's policy in Kurdistan constituted crimes against humanity and genocide.

The Kurdish parties that captured the documents have agreed to transport them out of Iraq for safekeeping and for use in the prosecution of Iraqi officials. During my visit, I was able to arrange the turnover to the U.S. military of 40 cubic meters of documents. These have now been transported to the United States by the military and are being stored at the National Archives under the control of the Senate Foreign Relations Committee.

My mission would not have been possible without the extraordinary support given by the U.S. military, and in particular, the forces in Operation Provide Comfort. In addition, I benefited from the hospitality and assistance of many Kurdish friends.

Attached is the report on my mission as well as on the 9-month Foreign Relations Committee effort to retrieve the documents.

Sincerely,

PETER W. GALBRAITH



کلایبۆرن دی بۆردە پێڵ ١٩١٨-٢٠٠٩



پیتەر دەبڵیو گالبرەیس




Base 504065 3-79 (544444)

ناوچەی دانیشتووانی کورد لەعێراق

## پوختەی جێبەجێکاریی

ئێستاکە لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە ١٤ تۆن لە دۆکیومێنتە دەستبەسەرداگیراوەکانی دەزگای ئەمنی عێراقیی لەبەردەستە. ئەو دۆکیومێنتانە دیدێکی وردو نائاسایی سەبارەت بە کارەکتەری حوکمی عێراقیی بەسەر کوردانەوە فەراهەم دەکەن. ئەمانە فەرمانی وێرانکردنی هەزارەها گوندو تۆماری لێپرسینەوەو ئەشکنجەدانی کوردانی سیڤیل لەخۆدەگرن، لەگەڵ ئەو نووسراوانەی کە پەیوەستن بە چەندین تاوانی کوشتن کە خۆی لە ٢٠٠٠٠٠ کوژراو یان زیاتر دەدات کە لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٨٧-١٩٩٠ کوژراون. وێڕای ئەو بەڵگانەی دیکە کە لەکوردستانەوە هێنراون، ئەم دۆکیومێنتانە جەخت لەسەر ئەو گریمانەیە دەکەنەوە کە عێراق تاوانی دژی مرۆڤایەتیی لەدژی کەمینە کوردییەکەی ئەنجامداوەو جێنۆسایدی کردوون.

دەزگای ئەمنی عێراقیی بەوردی ئەم بەڵگەنامەو دۆکیومێنتانەی پاراستووە، ئەو دۆکیومێنتانەی دەستیان بەسەردا گیراوە بەڵگەیەکی تۆمارکراوی ئەو دڕندایەتییە گەورەیەی حوکمی عێراقییە لەکوردستان. لەراپەرینی مارتی ١٩٩١ لەباکووری عێراق، راپەڕیوە کوردەکان دەستیان بەسەر بڕێکی زۆر لەم دۆکیومێنتانەدا گرت. زۆر لەم دۆکیومێنتانە لەکاتی گەڕانەوەی سوپای عێراقیی و گرتنەوەی بەشێکی زۆری کوردستان لەکۆتایی مارتدا، لەدەستچوون. راپەڕیوە چەکدارەکان توانیان بەشێک لەو دۆکیومێنتانە لەشارەکاندا بشارنەوەو بەشێکی دیکەشیان بردە حەشارگەکان لەچیا بەرزەکان.

هەتاوەکو ئەم دۆکیومێنتانە لەعێراقدا بمێنن، مەترسیی فەوتانیان لەسەرە، یاخود ئەوەی جارێکی دیکە بکەونەوە دەستی عێراقییەکان. لەوەش زیاتر، ئەمانە ناتوانرێت لەنێو عێراقدا بەئاسانیی لەلایەن ئەوانەوە سوودیان لێ وەربگیرێت کە دەکرێت سەبارەت لە تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتیی لێپرسینەوە لە بەرپرسانی عێراقیی بکەن. کاتێک لە سێپتەمبەری ١٩٩١دا، بە بوونی ئەم بەڵگەنانەو دۆکیومنێتانەم زانی،

پرسیارم لەسەرکردە کوردییەکە، جەلال تاڵەبانی، کرد کە ئایا بەوە رازیی دەبێت کە بۆ پاراستنیان رەوانەی دەرەوەی عێراقیان بکەین. ئەو دەستبەجێ رازی بوو بەمەرجێک کە خاوەنداریی دۆکیومێنتەکان بۆ حیزبەکەی بمێنێتەوە. هەروەها من کار بۆ ئامادەکاریی گونجاو بۆ هەڵگرتن و بەکارهێنانی ئەم دۆکیومینتانە بکەم. هەروەها بەو هۆیەوە کە تاڵەبانی سیناتۆر پێڵ ی وەک یەکێک لە کۆڵنەدەرترین پاڵەوانە لەمێژینەکانی گەلی کورد دەبینی، ئەو بەباشی زانی کە ئەم دۆکیومینتانە لەلایەن لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی پیرانەوە/سینات هەڵبگیرێت.

لەنۆڤەمبەردا، سیناتۆر پێڵ نامەیەکی بۆ چێنی وەزیری بەرگریی نووسی و داوای لێکرد کە ئەو سوپایەی ئەمریکا کە لە باکووری عێراق هەڵدەسوڕێت، لەگواستنەوەی ئەم دۆکیومێنتانە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان هاوکاریی بکات. لەکاتێکدا کە چێنی دەستبەجێ و بەئەرێیی وەڵامیدایەوە، مشتومڕی زۆری بیرۆکراتی، بەزۆریش لە وەزارەتی دەرەوە، هەوڵە راستییەکانی بۆ هێنانی ئەم دۆکیومێنتانە دواخست.

لەجەژنی قیامەتدا، سەردانی کوردستانم کرد بۆ کۆکردنەوی دۆکیومێنتەکان و رادەستکردنیان بە سوپای ئەمریکی بۆئەوەی بگوێزرینەوە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان. توانیم بە شەخسیی بڕی ٤٠ مەترسێجا دۆکیومێنت رادەست بکەم. ئەم ٤٠ مەتر سێجایە لەحیزبەکەی جەلال تاڵەبانییەوە بوو، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان. وێڕای ئەوەش، لەحیزبی سۆشیالیستەوە بەڵێنم وەرگرت کە بەڵگەو دۆکیومێنتەکانی خۆیان پێشکەشبکەن، ئەوەی کە پیدەچێت لە ١٠ مەتر سێجا پێکبێت. دواجار، مەسعود بارزانیش رازی بوو کە ئەو دۆکیومێنتانە رادەست بکات کە لەلای پارتەکەی پارتی دیموکراتی کوردستانە، بەڵام پاش ئەوەی کە پارتەکەی دەرفەتی ئەوەی هەبێت بەو دۆکیومێنتانەدا بچێتەوەو گرنگترینیان کۆپی بکات. بەگوێرەی قسەی بارزانی، دۆکیومێنتەکانی لای پ د ک لەوەی هەر گروپ و ئەوانی دیکە گەورەترە.

دۆکیومێنته دەستبەسەرداگیراوەکانی ئەمنی عێراقیی، تۆمارێکی ئەرشیفین سەبارەت بە وێرانکردنی خاکی کوردستان و کوشتنی خەڵکی کورد. ئەمانە بەهایەکی کرداریيان هەیە بۆ هەر داواکارێکی گشتیی و بۆ گەلی کوردیش بەهای مێژوویيان هەیە. هەروەها ئەو دۆکیومێنتانە بۆ ئەو سیاسەتسازانەش گرنگە سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی مەسەلەی بەردەوامبوون یان بەردەوامنەبوون لەسەر پاراستنی گەلی کورد لە باکووری عێراق.

# EXECUTIVE SUMMARY

The Foreign Relations Committee now has in its possession 14 tons of captured Iraqi secret police documents. These documents provide an extraordinary insight into the character of Iraqi rule over the Kurds. They include the orders for the destruction of thousands of villages, the interrogation and torture records of Kurdish civilians, and the paper work associated with many of the 200,000 or more murders committed by Iraq's Ba'ath regime in the period 1987-1990. Combined with other evidence coming out of Kurdistan, these documents support the proposition that Iraq committed crimes against humanity and perpetrated genocide on its Kurdish minority.

The Iraqi secret police were meticulous record keepers, and the captured papers document the massive brutality of Iraqi rule in Kurdistan. During the March, 1991 uprising in northern Iraq, Kurdish rebels captured huge quantities of these documents. While many documents were lost when the Iraqi army retook much of Kurdistan at the end of March, the rebels managed to hold some towns with document caches and took other documents to hideouts in the high mountains.

As long as the documents remained in Iraq, they were at risk of being destroyed or falling again into Iraqi hands. Further, inside Iraq they cannot be easily used by those who might prosecute Iraqi officials for crimes against humanity. When I learned of the existence of these documents during a September, 1991 trip through Kurdistan, I asked the Kurdish leader, Jalal Talabani, if he would agree to sending them to safety outside Iraq. He readily agreed, with the proviso that the documents remain the property of his party, and that I work out satisfactory arrangements for their storage and use. Because he viewed Senator Pell as one of the earliest and most consistent champions of the Kurdish people, Talabani preferred that these documents be held by the Senate Foreign Relations Committee.

In November, Senator Pell wrote Secretary of Defense Cheney asking that the U.S. military operating in northern Iraq assist in the transport of these documents to the United States. While Secretary Cheney responded promptly and affirmatively, bureaucratic wrangling, mostly in the Department of State, delayed the effort actually to extract the documents.

Over the Easter recess, I travelled to Kurdistan to collect the documents and arrange for them to be delivered to the U.S. military for transport to the United States. I was able to deliver personally the first of 40 cubic meters of documents. These 40 cubic meters came from Talabani's party, the Patriotic Union of Kurdistan. In addition, I received a promise from the Socialist

Party to turn over their documents, constituting perhaps another 10 cubic meters. Finally, Massoud Barzani agreed to turn over the documents in the possession of his Kurdish Democratic Party, but after the party had a chance to review the documents and duplicate the most important ones. The KDP documents, according to Barzani, are larger than any other set.

The captured Iraqi secret police documents are an archival record of the destruction of the Kurdish land and the killing of the Kurdish people. They are of practical value to any prosecutor and of historical value to the Kurdish people. They are also critical to policy makers in evaluating the consequences of continuing or not continuing protection of the Kurdish people in northern Iraq.



**Araz Talabani standing in front of bags of Iraqi secret policy documents in Mawat, near the Iran-Iraq border.**

## پێشەکی

لە٥ ی مارتدا، خەڵکی شارە کوردییەکەی رانیە، دەستیانکرد بە هێرشکردنەسەر سوپای عێراق و ئەمن و بارەگاکانی حیزبی بەعس لەشارەکەیان. پاش ئەوەی سوپا بەخێرایی ورەی شەرکردنی لەدەستدابوو، بەخێرایی تەسلیم بوو. لەکاتێکدا بەرپرسانی ئەمنی و حیزبی بەعس یان هەڵاتن یان کوژران. پاش چەند رۆژێکی کەم، تەواوی شارە سەرەکیی و شارۆچکەکانی کوردستانی عێراق، بەیارمەتی ئەو بەکرێگیراوە هەڵگەڕاوانەی کە پێشتر موچەیان لەرژێمی سەدام حوسێن وەردەگرت، کەوتنە بندەستی پێشمەرگە (چەکدارانی راپەڕیوی کورد).

خێرایی راپەڕینە کوردییەکە، هیچ کاتیکی بۆ بەرپرسانی ئەمنی عێراقیی و حیزبی بەعس نەهێشتەوە بۆئەوەی فایلەکانیان بگوازنەوە یان لەناویانبەرن. لەئەنجامدا، گەنجینەیەکی گەورەی بەڵگەو دۆکیومێنت کەوتەدەست دەست پێشمەرگە.

پاشان، بەشێکی گەورەی ئەم دۆکیومێنتانە ونبوون، لەهەندێک حاڵەتدا، کوردان خۆیان لەکاتی تاڵانیی و سوتاندنی بارەگا بێزراوەکانی حیزبی بەعسدا، ئەو دۆکیومێنتانەیان لەناودەبرد. هەروەها بەشیکی زۆری ئەو دۆکیومێنتە تۆمارکراوانە لەدەستچوون کاتێک سوپای عێراق بەشێکی کوردستانی لەکۆتایی مارت و سەرەتای نیساندا گرتەوە.

هەرچەندە، هەریەک لەدوو پارتە سیاسییە کوردییەکە لەوەدا سەرکەوتووبوون کە بەشێک لەو دۆکیومێنتانە بپارێزن، ئەوەش یان لەو شارۆچکانەی کە هەرگیز لەلایەن سوپای عێراقەوە نەگیرایەوە (وەک شەقڵاوە لەرۆژهەڵاتی کوردستان/مەبەستی کوردستانی عێراقە-سەردەشتی) یان ئەو دۆکیومێنتانەی کە گوێزرانەوە بۆ چیا بەرزەکان بەدرێژایی سنوری نێودەوڵەتیی.

زیاتر بڕی کۆکراوەی ئەم دۆکیومێنتانە لەلایەن هەردوو پارتە سیاسییە کوردییەکەوە پارێزرابوون کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان

(ینک) و پارتی دیموکراتی کوردستان (پدک) بوون. لەکاتێکدا کە لەعێراق بووم، ئەو دۆکیومێنتانەم پشکنی کە لەلایەن ینک وە پارێزرابوون. دۆکیومێنتەکانی ینک لەدوو گەنجینەی حەشاردراو پێکدەهاتن. یەکەمیان وا پێدەچوو هەموو فایل و بەڵگەنامەکانی دائیرەی ئەمنی شارۆچکەی شەقڵاوە بێت، وێڕای فایلی جیاجیا و هەروەها تەواوەتی شارۆچکەکانی دەوروبەر. شەقڵاوە شارێکی قەبارە مام ناوەنجی بوو، هەربۆیە فایلەکان وێنایەکی باشیان سەبارەت بەوە پێشاندەدا کە چۆن حوکمی عێراقیی لەشارێکی نمونەیی کوردییدا هەڵسوڕاوە.

حەشارگەی دووەمی فایل و دۆکیومێنتەکان شارە گەورە کوردییەکەی سلێمانی بوو. سلێمانی، سەنتەرێکی ئیداریی گرنگی عێراقیی بوو لەکوردستاندا. ئەم فایلانەی ئەویَ دەشێت تۆماری پایە ستراتیژییەکانی حوکمی عێراق بێت لەکوردستان، ئەو حوکمڕانییەی سەرکوتی وەحشییانەو کۆمەڵکوژیی کارەکتەرەکەی بوو. هەروەها دەشێت دۆکیومێنتەکانی سلێمانی یارمەتیدەربن بۆ دیارییکردنی بەرپرسیارێتیی بەرپرسانی گەورەی عێراق و ئەو تاوانانەی لەکوردستان کراون. هەرچەندە فایلەکانی سلێمانی لەوەدەچێت تەواو نەبن، ئەوەش لەبەهاکەی کەم دەکاتەوە.

پێویستە جەخت لەوە بکرێتەوە، کە ئەو فایلانەی ئەمنی عێراقیی کە لەدەستی کورداندان، فایلی هەرێمیی و خۆجێین. ئەوانە وێنەی عێراق لەکوردستان پێشاندەدەن و دەشێت لە دیارییکردنی بەرپرسیارێتیی تاوانگەلێکی تایبەت یارمەتیدەربن، هەروەها بۆ دۆکیومێنتاریزەی تەواوی رۆڵی سەدام حوسێن و سەرکردە باڵاکانی عێراق لەو تاوانانەی دژی کورد ئەنجامدراون، مرۆ پێویستە بچێتە نێو فایلە ناوەندییەکانی دائیرەی ئەمن لەبەغدا. وێڕای ئەوەش، هەروەک لەسەرەوە روونکراوەتەوە، ئەو فایلانەی هەن زۆر لەوە کەمترە پێشتر کوردان لەلایان بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، وێڕای هەموو سنوردارییەکەشیان، فایلەکانی ئەمن بەڵگەی بەهادارن سەبارەت بەو تاوانە نائاساییانە و دیدێکی وردە بۆ دەزگایەکی تەواو تاوانکارانە.

## نێوەرۆک

دەزگای ئەمنی عێراقیی بیرۆکراتی لێهاتوو بوون، هەر شتێک کە بتوانرایە تۆماربکرێت کردوویانە، پێدەچێت هەرگیز هیچ بەڵگەو دۆکیومێنیکیش فڕێ نەدرابێت.

ئەو فایلانەی من پشکنیم بەشێوەیەکی نائاسایی هەمەجۆربوو، ئەوانە لیستی تۆماری موچەی ئەو بەکرێگیراو و هەواڵدەرانەیان لەشارو شارۆچکەکانی کوردستان تێدابوو. ئەوانە نامە و پۆست و ئەو وێنانەی تێدابوو کە عێراقییەکان لەدەرەوە بۆ خزمەکانی خۆیانیان ناردبوو و لەلایەن ئەمنەوە دەستی بەسەرداگیرابوو (هەرگیز نەگەیەنرابووە دەستی خاوەنەکانیان). فایلی شەخسیی تێدابوو کە هەواڵی لەسەر کەسایەتییە ئۆپۆزسیۆنەکان تێدا بوو، کەسایەتییە گومانلێکراوەکان کە نەیاری رژێم بوون و هەروەها هاوڵاتیانی ئاسایی و هەروەها لایەنگرو پاڵپشتیکەرانی رژێمیش، (هەواڵگەلێک تۆمارکراو و نادروستبوون). فایلەکان، کاسێتی دەنگی تێدابوو، لەوانەش ئەوانەی تۆماری دەنگیی قسەی شەخسیی ئاسایی بەرپرسە باڵاکانی حیزبی بەعسی دەگرتەخۆ.

بەڵگەو دۆکیومێنتەکان پەردەیان لەسەر بەشێک لە چالاکییەکانی موخابەراتی عێراقیی هەڵدەماڵی، لەبەڵگە حەشاردراوەکانی شەقڵاوەدا (کە بەڵگەو دۆکیومێنتی دائیرەیەکی ئەمنی بچووک بوو)، لیستی وێنەیی تۆمارکراوی تێدا بوو کە ناو و ئەدرەس و کورتەناساندنێکی ئەو کوردە عێراقییانەی تێدابوو کە لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەژیان. یەک پیاو لەوانەی بە وردیی باسکرابوو شۆفیری تەکسیی بوو لەفرۆکەخانەی مەیامی، زۆربەی ئەوانەی لەلیستەکەدا هاتبوون، هاوڵاتی ئەمریکیی بوون و هەندێکیشیان لەبەردەم لێژنەکانی کۆنگرێسدا گەواهییاندابوو، لەوانەش لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی پیران.

لەنێو فایلەکاندا چەند فیلمێکم سەبارەت بە نێردەی فەرمیی ئەمریکی بینییەوە کە سەردانی عێراقیان کردبوو. وادیار بوو ئەوانە ئەو شاندەی سنات بووبێتن کە لە نیسانی ساڵی ١٩٩٠دا بانگێشتی سەدام حوسێنیان کردبوو. هەروەها دۆکیومێنتەکان گرتەیەکی نائاگای (دێڤید نیوتن)ی سەفیری ئەمریکی لە عێراق ١٩٨٤-١٩٨٧ تێدابوو، ئەوەی شتێکی واناوازەش نەبوو. ئەوە مایەی سەرسوڕمان نەبوو کە دەبوو عێراق وێنەو فیلمی بیانییەکانی هەڵگرتایە، بەڵام ئەوەی فرە مایەی سەرسوڕمان بوو ئەوەبوو کە ئەو وێنەو فیلمانە لەنێو فایلەکانی دائیرەیەکی بچووکی ئەمندا ببینرێتەوە.

## هەڵمەتی ئەنفال

هەژێنەرترین فایلەکان ئەوانەی هەڵمەتی ئەنفال بوون. لەشوباتی ١٩٨٨دا، عەلی حەسەن مەجیدی ئامۆزای سەدام، کە ئەو کات کرابووە بەرپرسی کوردستان و دواتر داوای لێکرا کوێتی داگیرکراو بەڕێوەبەرێت و ئێستاش وەزیری بەرگریی عێراقە، ئەو فەرمانەی دەرکرد کە ناوی (ئەنفال)[1] ی لێنرا. بەگوێرەی ئەم فەرمانە، بوونی مرۆڤ یان ئاژەڵ لەبەشێکی گەورەی کوردستانی عێراقدا قەدەغەکرا، هەرکەس و هەرشتێک لەو ناوچە قەدەغەکراوەدا ببینرایە دەبوو بکوژرێت.

هەموو گوندەکانی ئەو ناوچە قەدەغەکراوە تەختکران. ئەو لادێیانەی ماڵەکانیان جێنەهێشتبوو، بە چەکی کیمیایی لێدران. پاش ئەوەی کە سوپای عێراق ئەو گوندانەی گرت، خەڵکەکەیان یان کوشت یاخود ڕاگوێزران و پاشتر هیچ هەواڵێکیش لەو ڕاگوێزراوانەی ناوچەی ئەنفال نەبیستراوە. پێدەچێت زۆربەی ئەوانە برابێتن بۆ بیابانەکان لەباشووری عێراق، ئەوانە بەکۆمەڵ خراونەتە چاڵی گەورەو دراونەتە

---

[1] ئەنفال چەمکێکە لەئایەتی قورئانەوە وەرگیراوەو مافی ئەوە بە بڕواداران دەدات ماڵ و ژنی کافران تاڵان بکەن.

بەردەستڕێژو پاش تیرباران بەبلدۆزەر گڵیان بەسەرداکردوون و دایانپۆشیون.

پرۆسەی کۆمەڵکوژیی هەڵمەتی ئەنفال هەر لەناوچە قەدەغەکراوەکاندا قەتیس نەبوو، گوندەکان لەهەموو ناوچەکانی کوردستان وێرانکران و پیاوەکانیان لەسەر کارەکانیان هەڵگرت کە چیتر هیچ لەبارەیانەوە نەبیسترا.

دۆکیومێنتە دەستبەسەرداگیراوەکان تۆمارێکی بیرۆکرتییانە سەبارەت بەم کوشتنانە فەراهەم دەکەن. کتێبیکی نووسراو کە وێنەی گوڵێک بەرگەکەی رازاندبۆوە، بەوە دەستیپێکردبوو: چوار رۆژ لەمەوپێش، ٢٤ پیاو و ٣٢ ژن لەگەڵ ٥٤ منداڵ خۆیان رادەستی یەکەیەکی سەبازیی کرد. لیستی ناوەکان بەپێی خێزانەکان لەخوارەوە هاتبوو.

فایلێکی زەردی دڕاوم بەشێوەیەکی هەڕەمەکیی لەنێو فایلەکانی شەقڵاوەدا راکێشا، کە بەلێپرسینەوەی چوار شوان دەستپێدەکات لەناوچە قەدەغەکراو گرتوویانن. پرسیارەکان هاوشێوە بوون. لێکۆڵینەوە لە سلێمان عەلی تایە کە کوڕێکی ١٦ ساڵانەیە، بەم شێوەی خوارەوە بەڕێوەچووبوو:

١- پ : چۆن گیرایت؟

و: لەگوندی قازی خانە مەڕەکانم دەلەوەڕاند لەلایەن سوپاوە گیرام.

٢- پ: چ پەیوەندییەکت بە بەهادین عەلی و سوارە مەجید و رەشاد عەبدوڵڵاوە هەیە؟

و: هیچ پەیوەندییەکم پێیانەوە نییە، هەر تەنیا ئەوەی کە لە هەمان گوند دەژین.

٣- پ: هیچ تێکدەرێک لەناوچەکەی ئێوە هەیە ، ئەوانە کێن؟

و: هیچ تێکدەرێک ناناسم.

٤- پ: دەزانی کە بوونی تۆ لەم ناوچەیەدا قەدەغەکراوە، هەروەها بەپێی یاسا مامەڵەت لەگەڵ دەکرێت؟

و: ئێمە دەزانین کە قەدەغەیە، بەڵام تەنیا مەبەستمان لەوەڕاندنی مەڕەکانمانە.

لەلای راستی کاغەزی لێکۆڵینەوەکە واژی ئەفسەری لێکۆڵینەوە کراوە، لەلای چەپیش پەنجەمۆر هەیە، چونکە تەواوی شوانەکان نەخوێندەواربوون. ئەوان هەموویان بەم شیوەیە واژۆیان لەسەر لێپرسینەوەکەیان/دانپێدانانەکەیان کردبوو.

پاش دانپێدانانەکە، فایلەکە نامەیەکی گرتۆتەخۆ کە دەزگای ئەمن رێنوێنی دەکات بڕگەی ٥ لەپەرەگرافی نووسراوی حیزبی بەعسەوە جێبەجێبکات کە سەبارەت بە باکوور نێردراوە. پاش ئەوەش بەڵگەیەکی پەسەندکردنی وەرگرتنی ئەو چوار زیندانییەی تێدایە بۆ جێبەجێکردنی پەرەگرافی پێنجەم. پاش کەمێک دواتر لە فایلە زەردەکەدا، چوار بەڵگەنامەی سەوزی وەفاتنامەی تێدایە کە لەلایەن خەستەخانەیەکی خۆجێییەوە دەرچووە و بەرواری ١ی مارتی ١٩٨٨ی لەسەرە. وەفاتنامەی سلێمان عەلی تایە، هەروەها هەمان شتیش بۆ شوانەکانی دیکە، ئیعدامی وەک هۆکاری مردنەکەیان راگەیاندووە.

فایلەکان وێنەی ئەنفالەکان و قوربانییەکانی دیکەی دەزگای ئەمنیان تێدایە، هەندێک لەوێنەکان ئەو کوردە لادێیانە پێشاندەدەن پێش ئەوەی سەرنگوم بکرێن، هەندێکیشیان وێنەی ژوورەکان دەردەخەن لەپاش پشکنینی هێزە ئەمنییەکان و هەروەها تەرمەکانیش پاش ئیعدامکردنیان لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە. یەکێک لەوێنەکان، وێنەی سێ سەربازی عێراقییە کە دانەویونەتەوەو سەری پیاوێکیان بەرزکردۆتەوە کە تۆزێک پێشتر ئیعدامیان کردووە. ئەوان چەکەکانیان بەرزکردۆتەوەو ئاماژەی سەرکەوتنیان پێشانداوە، ئەوان هاوشێوەی راوچین لەگەڵ نێچیرەکەیاندا.

## ڤیدیۆکاسێتەکان

لەماوەی سەردانەکەمدا، تەماشای چەند ڤیدیۆکاسێتم کرد کە دەزگای ئەمن لەکاتی جێبەجێکردنی ئیعدام و وێرانکردنی گوندەکاندا ئامادەی کردبوون. لەکاتێکدا ئەم ڤیدیۆکاسێتانە لەگەڵ فایلەکانی دائیرەی ئەمندا دەستیان بەسەردا گیرا، پێناچێت هیچ لەوانە ئێستا لەنێو فایلەکاندا مابێتن. لەبری ئەوە، ئەو کاسێتانە لەلایەن کوردانەوە براون و بەشێوەیەکی بەرفراوان کۆپیان لێ گیراوەتەوە. هەندێک لەو کاسێتانە لەدوکانی ڤیدۆییەکان لەشارەکانی کوردستاندا نمایش دەکرێن. بەو دواییەش لەو ئێزگەی تەلەفیزیۆنییانەوە نمایشکراون کەلەلایەن پارتە کوردییەکانەوە دامەزرێنراون. کۆپی دیکەش بەسەر رۆژنامەوانیی بیانییدا دابەشکراوە.

ئەو ڤیدیۆکاسێتانەی تەماشامکرد وێنەیی بوون. لەیەکێکیاندا سێ پیاوی چاوبەستراو کە جلی کوردییان لەبەردا بوو، ئەفسەرێکی عێراقیی لەبەردەمی ئەو سێ پیاوەدا وەستاوە وتارێک دەخوینێتەوە کە لەلایەن کۆمەڵێکی زۆر خەڵکەوە کە بۆ سەیرکردن وەستاون، چەپڵەی بۆ لێدەدرێت. پاشان پرۆسەی ئیعدامکردنەکە بە چەند دەستڕێژێکی چەکی ئۆتۆماتیکی جێبەجێدەکرێت و دیسانەوە چەپڵەو هورای بەدوادا دێت. دواتر کاسێتەکە سڵنگێک پێشاندەدات کە کێبڵی کارەباکان لەماڵی سێ ئیعدامکراوەکە دەبڕن و ئنجا بلدۆزەر دەبینرێت بۆ رووخاندنی ماڵەکانیان.

ڤیدیۆکاسێتیکی دیکە دیمەنی ئیعدامکردنی پێنج پیاو پێشاندەدات. کامێراکە پیاوەکان بەدەموچاوی تەڵخ پێشاندەدا کە لەبارهەڵگرێک دادەبەزێنرێن. ئەوانە بەکۆڵەکەوە دەبەسترێنەوە و چاویان دەبەسترێت، پاش ئیعدامکردنەکە، هەر یەک لەو بەرپرسە عێراقییانەی لەوێن، فیشەکی دەمانچەکانیان لەوانەدا خاڵی دەکەنەوە. کاتێک ڤیدۆیەکە دیمەنی هەڵگرتنەوەی تەرمی ئەو کەسانە لەدوای پرۆسەی

ئیعدامکردنەکەیان پێشاندەدات، تەرمەکان ئەوەندە بەو فیشەکانە کونیان تێکرابوو بەڕادەیەک ناتوانرێت جەستەیان بەتەواویی هەڵبگیرێت و بخرێنە ناو بارهەڵگرەکەوە.

پێناچێت کە دائیرەی ئەمنی عێراقیی هەروا لەخۆڕا وێنەی ڤیدیۆیی ئەو کوشتنانەیان گرتبێت (ئەگەر ئەوەشیان کردبێت ژمارەییەکی کەم لەم ڤیدیۆکاسێتانە ئێستاکە لەفەوتان رزگاریان بووە). پێدەچێت ئەو ڤیدیۆکاسێتانە بۆ تۆقاندنی خەڵکی ناوچەکە بەکارهێنرابێت و هەروەها وەک باڵادەستییەک لەبەغدا نمایشکرابێت تاوەکو پێشانیبدەن کە چۆن لەمەیداندا ئەسپی خۆیان تاودەدەن. بەگشتیی، وادەردەکەوێت کە ١٠-٢٠ کاتژمێر وێنەی ڤیدیۆیی دائیرەی ئەمن دەستی بەسەردا گیرابێت.

فایلە کاغەزییەکان سروشتی ساردو بیرۆکراتی وو میتۆدیی دەزگای ئەمنی عێراقیی پێشاندەدەن. ڤیدیۆکاسێتەکانیش سادیسمی رژێمی بەعس و چێژوەرگرتنی رەهای لەئەشکەنجەدان و خوێنڕشتن دەخاتەروو.

## INTRODUCTION

On March 5, 1991 the people of the Kurdish city of Rania launched an attack on the Iraqi army, secret police, and Ba'ath Party installations in their town. The army, having lost its will for battle, quickly surrendered while the secret police and Ba'ath Party officials either fled or were killed. Over the next few days, aided by the defection of Kurdish mercenaries formerly on the payroll of the Saddam Hussein regime, all the major cities and towns of Iraqi Kurdistan came under Peshmerga (Kurdish rebel) control.

The swiftness of the Kurdish uprising left the Iraqi secret police and Ba'ath Party officials no time to remove or destroy their files. As a result, a gigantic cache of documents fell into the hands of the Peshmerga.

Much of this documentary collection was subsequently lost. In some cases the Kurds themselves destroyed the documents as they sacked and torched the hated secret police and Ba'ath party installations. Much more of the documentary record was lost when the Iraqi army retook part of Kurdistan at the end of March and beginning of April of last year.

However, each of the major Kurdish political parties did manage to save some of their documents. These were either in towns never retaken by the Iraqi army (such as Shaqlawa in eastern Kurdistan) or were documents that had been removed to the high mountains along the international borders.

The largest collections are held by the two main Kurdish political parties: The Patriotic Union of Kurdistan (PUK) and the Kurdish Democratic Party (KDP). While in Iraq, I examined the documents held by the PUK. The PUK documents consist of two caches. The first are the seemingly complete set of secret police documents for the town of Shaqlawa, as well as partial or complete files from a number of surrounding towns. Shaqlawa is a medium-sized town and so the files present a good picture of how Iraqi rule operated in a typical Kurdish setting.

The second cache of documents are those from the large Kurdish city of Sulamanyeh. Sulamanyeh was an important Iraqi administrative center in Kurdistan and these files may document the broader strategies of Iraqi rule in Kurdistan, a rule characterized by brutal repression and mass murder. The Sulamanyeh documents may also help determine the specific responsibilities of senior Iraqi officials for crimes in Kurdistan. However, the Sulamanyeh files may not be complete and this may reduce their value.

It must be emphasized that the Iraqi secret police files in Kurdish hands are provincial and local files. They provide a picture of Iraqi rule in Kurdistan and may help assign responsibility for specific crimes. To document fully the role of Saddam Hussein and the top Iraqi leaders in the crimes committed against the Kurds, one

zation.

## CONTENT

The Iraqi secret police were consummate bureaucrats. Everything that could be recorded was, and no document was ever, it seems, thrown away.

The files I examined were extraordinarily diverse. They include payroll records of mercenaries and informants in the towns and cities of Kurdistan. There are intercepted (and never delivered) letters, postcards, and photographs sent by Iraqis abroad to relatives in Kurdistan. There are personal files containing reports (documented and unfounded) on opposition figures, suspected opponents of the regime, ordinary citizens, and supporters of the regime. The files include audio cassettes, including ones recording the mundane and personal conversations of senior Ba'ath Party officials.

The documents reveal something of Iraq's foreign intelligence activities. In the Shaqlawa cache (records of quite small secret police offices) there was a xeroxed list providing the names, addresses and brief descriptions of Iraqi Kurds living in the United States. One man was described (accurately), as driving taxis at a Miami airport. Many on the list are U.S. citizens and several have testified before committees of Congress, including the Senate Foreign Relations Committee.

In the files I found films of an official U.S. delegation visiting Iraq, apparently the Senate delegation that called on Saddam Hussein in April, 1990. The documents include snapshots taken of foreigners including one (not at all compromising) of an unaware David Newton, the U.S. Ambassador to Iraq from 1984 to 1987. It is, of course, not surprising that Iraq should keep photos and films of foreigners, but it is a bit surprising to find them in local files of the secret police.

## THE AL-ANFAL CAMPAIGN

The most shocking files are those of the al-anfal campaign.[1] In February, 1988, Saddam Hussein's cousin, Ali Hasan Majid, then in charge of Kurdistan, later to be tasked with administrating occupied Kuwait and now Iraq's Defense Minister, issued the so-called al-anfal decree: the greater part of Iraqi Kurdistan was decreed off-limits to man or beast. Anyone or anything found in the prohibited zone was to be killed.

